Kurdistannet کوردستان نێت

# نامەیەکی کراوە
# بۆ ڕووناکبیرانی کورد،
# پەرلەمانی کوردستان،
# و وەزیری رۆشنبیریی
# لە هەر دوو حکوومەتی باشووری کوردستان

بەڕێزان!

وا کوردستان دوای ئەزموونێکی 13 ساڵەی ئازادی و نیمچە سەربەخۆیی، وردە وردە دەچێتەوە ناو زگی حکوومەتی ناوەندیی عیراق و یاسا گشتییەکانی دەوڵەتی یەکگرتووی عیراقی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتووری کوردستانیشدا زاڵ دەبنەوە.

دڵنیام کورد بە ئەزموونی ئەو 13 ساڵ ئازادییەوە دەتوانێ یارمەتییەکی زۆری گەلانی عیراق و حکومەتی تازەیان بدات، بەڵام هەندێ بوار هەن کە ئێمەش هیچمان بۆ نەکردوون و بەداخەوە دەبێ بەدەستی خاڵی بگەڕێینەوە لای گەلانی دیکەی عیراق. من لێرەدا دەست نیشانی دوو خاڵی سەرەکی بواری کولتووری دەکەم و لام وایە وەزارەتی رۆشنبیری هەر دوو حکوومەتەکانی هەولێر و سلێمانی و هەروەها پەرلەمانی کوردستان پێویستە بەئەرکی سەرشانی خۆیانی بزانن هەتا دەسەڵات و ئازادی و سەربەخۆییان ماوە، ئەو دوو کێشە گرنگە چارەسەر بکەن.

## 1. ژمارەی ئەسپاردن بۆ چاپی کتێب:

ئەوە دیاردەیەکی دواکەوتوە کە تەنیا لە هەندێ وڵاتی دیکتاتۆری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند شوێنی دیکەی جیهان ڕەچاو دەکرێت. لە وڵاتانی رۆژئاوا حکوومەت مافی ئەوەی نییە دەست لە ئیش و کاری خاوەن بیران وەربدات و هیچ خاوەن بیرێک مەجبوور ناکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی بیر و هزری خۆی ئیجازە لە حکوومەت وەربگرێت. نووسەری کتێب و بنکەی بڵاوکەرەوە بەرپرسی ناوەڕۆکی کتێبەکانن و ئەگەر هەڵە یاخود کارێکی دژی یاساییان لە چاپی کتێبەکەدا کردبێت، دواتر دەهێنرێنە دادگا و بە کارەکانیان رادەگەن. کەس پێش ئەوەی خەتای کردبێت تاوانبار نییە و پێویست ناکات کتێب و نووسراوەی خۆی بباتە بەردەم دەزگایەکی حکوومی و "رقم الایداع" یا ژمارەی ئەسپاردن یا ئیجازەی چاپی بۆ وەربگرێت. تکایە ئەو دیاردە نگریسە لە کوردستان مەهێڵن. هیچکەسێک هەواڵی دوارۆژی نییە و نازانرێت ئایا کێ و چ تاقم و گرووپێک دەسەڵاتی سەرەکی لە عیراقدا دەگرنەدەست و بە کامە پێوانە دەڕواننە چاک و خراپی بابەتەکان و ئیجازەی

چاپی کتێب بە کێ دەدەن و بە کێی نادەن. با ئەم دەسکەوتەش بکەوێتە لای دەسکەوتەکانی تری کورد و هەر لە ئێستاوە لە کوردستان مسۆگەر بێت ئیتر حکوومەتی ناوەندی عیراق ناتوانێ سووک و هاسان مافێکی دامەزراوی مسۆگەری ئەوتۆ لەگەلی کورد بستێنێتەوە و بە پێچەوانەوە، گەلانی تری عیراقیش دەبنە پشتوانی ئێمە و هەولی مسۆگەر کردنی مافەکە لە سەرانسەری عیراق دەدەن.

## 2. مافی کۆپی ڕایت

هیچ هونەرمەند و نووسەر و شاعیرێکی کورد نییە بەدەست نەبوونی مافی کۆپی رایتەوە نەنالێت. هەر شریت و سی دی یاخود کتێبێک دەکەوێتە بازاڕەوە، هەر ئەوەندەی خەلک پێشوازییان لێکرد، ئەوا دەست بەجێ بێ ئەوەی ئیجازە لە خاوەنی وەربگیرێت یاخود بەشێک لە داهاتەکەی بدرێتێ، کۆپی دەکرێت. لە ئەنجامی ئەم کارەدا، بنکە چاپەمەنیەکان تووشی زیانی زۆر دەبن و ئیتر توانای چاپ و بلاوکردنەوەی زیاتری بەرهەمەکانیان نامێنێت.

لە ولاتانی پێشکەوتووی جیهان، یاسای کۆپی رایت پشتگیری هونەرمەند و خاوەن بیران دەکات و کەس ناتوانێ بەبێ ئیجازەی ئەوان بەرهەمەکانیان کۆپی بکات. ئەو بنکە چاپەمەنیانەش وا لەلایەن نووسەر و هونەرمەندانەوە ئیجازەی بلاوکردنەوەی بەرهەمێکیان پێدەدرێت، هەمان یاسا پشتگیرییان لێدەکات و خەلکانی تر بە بێ ئیجازەی ئەوان ناتوانن بەرهەمەکە (چ کتێب بێت و چ شریت یا سی دی و دی ڤی دی) کۆپی بکەن.

تکایە تا درەنگ نەبوە مافی کۆپی رایت بە مافی رەوای هەموو بیرمەندێک بزانن و یاسای بۆ دابنێن. تەنانەت کوردستان بکەنە یەکەم شوێنێکی رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە بۆ تەرجەمە و بلاوکردنەوەی بەرهەمی خاوەن بیرانی ولاتانی دیکەش یاسا دادەنێت و پێش بە چەوسانەوەی بیرمەندان دەگرێت چ کورد بن، چ خەلکی ولاتانی دراوسێی کوردستان و چ خەلکی ئەوروپا و پاشماوەی جیهان.

بەڕێزان!

ئێوە لەم کات و سەردەمە تایبەتەدا بەرپرسییەکی مێژوویتان لەسەر شانە. تکایە هەست بەو بەرپرسایەتییە مەزنە بکەن و ئەو دوو ئەرکە گرنگە راپەڕێنن.

بەوپەڕی ڕێزمەوە،

ئەنوەری سولتانی
نووسەر
مارچی 2005